# ئادابی زیارەتکردنی شاری مەدینەی پێغەمبەری خودا

(صلی الله علیه وسلم)

﴿ آداب الزيارة للمدينة النبوية ﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

عەبدولسەلام موحەمەد پشدەری

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ آداب الزيارة للمدينة النبوية ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ئادابی زیارەتکردنی شاری مەدینەی پێغەمبەری خودا

(صلى الله عليه وسلم)

سوپاس و ستایشی نەپراوە بۆ پەروەردگاری میهرەبانی باڵادەست و درود وسڵاواتیش بۆ سەر گیانی پاکی پەیامبەری ئیسلام وئەهل و بەیت و سەرجەم یاران وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر لەکوردستانیان سەفەری ماڵی خودا دەکەن وئەنجامدانی عومرەیش بەم دواییانە بەڕێژەیەکی لەبەرچاو زیادی کردووە، بەپێویستمان زانی ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئادابی زیارەتکردنی شاری مەدینەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) پێشکەش بکەین.

سەرەتا ئەبێت بزانین زیارەتی شاری مەدینەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) ڕوکنێك یان واجبێك نیە لە ڕوکن و واجبەکانی ئەنجامدانی حەج وعومرە، بەڵام لەبەرئەوەی مزگەوتی پێغەمبەری خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم) یەکێکە لەو مزگەوتانەی کە بەدەقی فەرموودەی صەحیح هانی باوەڕدارانی بۆ دراوە کە کۆڵ وباری خۆیانی بپێچنەوە وزیارەتی بکەن و نوێژی تێدا ئەنجام بدەن وەك دەفەرموێت ": لاتشدوا الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحرام، ومسجدي هذا والمسجد الأقصى" {متفق عليه} واتە : کۆڵ و بار مەپێچنەوە بۆ سێ مزگەوتان نەبێت، مزگەوتی حەرام – لەمەککەی پیرۆز- وئەم مزگەوتەی من، ومزگەوتی ئەقصا .

بەم پێیەش مەشروعە کەسێك خۆی بپێچێتەوە و تفاقی سەفەر ئامادە بکات بەمەبەستی سەفەرکردن بۆ یەکێك لەم سێ مزگەوتە، ئەویش لەبەر ئەوەی نوێژکردن لەم جێگایانەدا خێری زۆر زیاترە لەمزگەوتەکانی تر، وەك پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی :"صلاة في مسجدي هذا ، أفضل من ألف صلاة فيما سواه ، إلا المسجد الحرام ، وصلاة في المسجد الحرام ، أفضل من صلاة في مسجدي هذا بمائة صلاة"{رواه ابن حبان} واتە : نوێژکردن لەم مزگەوتەی من خێری هەزار نوێژ زیاترە لەنوێژکردن لەمزگەوتەکانی تر، جگە لەمزگەوتی حەرام نەبێت، کە نوێژکردن لەمزگەوتی حەرام خێری صەد نوێژی هەیە کەلەم مزگەوتەی مندا بکرێت .

واتە : خێری نوێژێك لەمزگەوتی حەرام بە صەد هەزار نوێژی مزگەوتەکانی ترە جگە لە مزگەوتی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) کە ئەویش خێری هەزار نوێژی زیاترە لەمزگەوتەکانی تر.

برا و خوشکانی حاجی و عومرەکارم : کە ڕێگات کەوتە شاری مەدینەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) چەند ئادابێك هەیە ئاگاداریان بە نەوەك بکەویتە هەڵە و کەموکوڕیەوە و خوانەخواستە عیبادەت و پەرستشەکانت بەتاڵ ببنەوە .

وەك ووتمان کاتێك خۆتت پێچایەوە بۆ ئەو شارە پیرۆزە تەنها نیەتی ئەوەت هەبێت کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) باسی کردووە، ئەویش نیەتی مزگەوتەکەیت هەبێت، نەك گڵکۆ و گۆڕی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مەبەستمان ئەوە بێت زیارەتی پێشەوای ئازیمان نەکەیت، نەخێر بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە نیەت ومەبەستی سەرەکیت بۆ مزگەوتەکە بێت، پاشان کە ڕۆشتیتە ئەوێ زیارەتی ئەو زاتە موبارەکەش بکە کە دواتر ئاماژە بە ئادابی ئەویش دەکەین.

لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خودا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: " اللهم لاتجعل قبري وثناً يعبد، اشتد غضب الله على قوم اتخذوا قبور

أنبيائهم مساجد" {رواه إمام مالك فى الموطأ بەرگی 1/لاپەڕە 172} واتە : ئەی خوای گەورە گڵکۆ وگۆڕەکەم نەکەیتە بت وصەنەمێك وبپەرسترێت، تورەیی خودا زیادی کرد لەسەر ئەو گەلە و هۆزەی کە گۆڕی پێغەمبەرکانیان کرد بەمزگەوت و شوێنی پەرستگا .

لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە : " لاَ تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا وَلاَ تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيدًا وَصَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّ صَلاَتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ " {رواه الترمذي فى صحيح الجامع} واتە : ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕ و گۆڕستان – واتە با هەمیشە یاد وذیکری خودای تێدا بکرێت – وە گۆڕەکەی منیش مەکەن بەشوێنی چەژن و کۆبونەوەتان،و صەڵاواتم لەسەر بدەن، چونکە صەڵاواتدانتان دەگات پێم لەهەر کوێیەك بن .

لەم دوو فەرموودەیە و کۆمەڵێك فەرموودەی تریشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێشەوای ئازیزمان پێی خۆش نەبووە کە گۆڕەکەی بکرێتە شوێن وجێگای کۆبوونەوە وقەرەباڵەخی، هەر بۆیە قەدەغەی کردووە لەوەها کارێك، ئەویش لەبەر ئەوەی نەوەك کۆمەڵێك کەسی ناحاڵی بچنە سەر گۆڕەکەی و داوای شتی لێ بکەن و لێی بپاڕێنەوە و ئەو مافانەی کە تایبەتن بە پەروەردگار بیدەن بەئەویش، بەمەش باوەڕداری پێ لەئاینی پیرۆزی ئیسلامی پێ دەردەچێت .

کاتێك خوای گەورە فەزڵی کرد بەسەرتا وگەیشتیتە مزگەوتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) قاچی ڕاستت پێش بخەو ئەم دوعایە بخوێنە "بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله، اللهم اغفر لى ذنوبي، وافتح لي أبواب رحمتك" {رواه الترمذي} واتە : بەناوی خوای گەورە و صەلات وسەلام لەسەر پێغەمبەری خودا، ئەی خوای گەورە لەگوناهەکانم خۆش بە ودەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم لێ بکەرەوە .

وەکاتێکیش هاتیتە دەرەوە بڵێ : " بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله، اللهم اغفر لي ذنوبي، وافتح لي أبواب فضلك " {رواه الترمذي} واتە : بەناوی خوای گەورە و صەلات وسەلام لەسەر پێغەمبەری خودا،

ئەی خوای گەورە لەگوناهەکانم خۆش بە ودەرگاکانی فەزڵی خۆتم لێ بکەرەوە .

ئەگەر کاتی کردنی نوێژە فەرزەکان نەبوو، دوو ڕکات نوێژی (تحية المسجد) ئەنجام بدە، چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەفەرموودەیەکی صەحیحدا فەرموویەتی :" إذا دخل أحدكم المسجد، فليركع ركعتين قبل أن يجلس " {رواه البخارى} واتە: هەرکەسێك لەئێوە ڕۆشتە مزگەوتەوە با دوو ڕکات نوێژ بکات پێش ئەوەی دابنیشێت .

خۆ ئەگەر توانیت ئەو دوو ڕکاتە نوێژە لە ڕەوضەی شەریفە بکەیت باشترە، لەبەر ئەم فەرموودە صەحیحەی کە هاتووە ودەفەرموێت : " مابين بيتي ومنبري روضة من رياض الجنة، ومنبري على حوضي " {رواه البخاري} واتە : نێوان ماڵەکەم و مینبەرەکەم باخێکە لەباخەکانی بەهەشت، ومینبەرەکەشم لەسەر حەوزەکەمە .

پاش ئەوەی لەو دوو رکاتە نوێژە بوویتەوە یان لە نوێژی فەرز بوویتەوە، ڕوو بکەرە حوجرە شەریفەکەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) بۆ ئەوەی سەلامی لێ بکەیت، ئەویش بەو شێوەیەی کە ڕوو بکەیتە حوجرەکە و پشتت لەقیبلە بێت و بڵێ : " السلام عليك يارسول الله " سەلامی خوای گەورەت لێ بێت ئەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم)، بەڵام ئاگاداربە بەهیچ شێوەیەك ڕوو نەکەیتە حوجرە و گڵکۆکەی و دوعا نزا بکەیت، چونکە هیچ کەسێك لە هاوەڵ ویارانی ئەو کارەیان نەکردووە، یان هەرگیز لە دوعا ونزاکانتدا جگە لەخوای گەورە لەکەسی تر نەپاڕێیتەوە و پێغەمبەری خودا(صلى الله عليه وسلم) نەکەیتە هاوبەش و شەریکی، چونکە خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (وَلَا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِنَ الظَّالِمِينَ) {يونس:106} واتە : ئەی موحەمەد جگە لەخوای گەورە لەهیچ کەسێکی تر نەپاڕێیتەوە کە هیچ سوود وزیانێکت پێ ناگەیەنن، خۆ ئەگەر ئەوە بکەیت ئەوە بێگومان تۆ لە ستەمکاران ئەبیت.

فەرمانێکیش بۆ پێغەمبەری خودا بێت (صلى الله عليه وسلم) بۆ تەواوی ئومەتەکەیشێتي، چونکە لەجێگایەك بۆ ئەو دروست نەبێت بۆ هیچ کەسێکی تریش دروست نیە لەغەیری خودا بپاڕێتەوە، جا نەکەیت حەج و عومرەکەت بەو کارانە بەتاڵ بکەیتەوە، ئەمەش ئەو پەڕی شوێن کەوتنی پێغەمبەری خودایە کە تا لەژیاندا مابوو هەرگیز ڕازی نەبوو کەس بیخاتە ڕیزی پەروەردگارەوە، یان ناوی هاوتای ناوی ئەو بکات، لەم بارەیەشەوە عەبدوڵڵای کوڕی عەباس (خوای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت : قال رجل للنبي صلى الله عليه وسلم : ما شاء الله وشئت . فقال : أجعلتني لله ندا ؟ قل : ما شاء الله وحده" {رواه النسائي وصححه الألباني} واتە : پیاوێك ووتی بە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) : خوای گەورە و تۆ بتانەوێت، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو :ئایا من دەکەیت بە هاوبەش و شەریکی خودا؟ بڵێ : ئەگەر بەتەنها خودا بیەوێت .

ئەوەشی مەشروع و ڕێگا پێدراو بێت لە هەقی پێشەوای ئازیزماندا (صلى الله عليه وسلم) ئەوەیە هەتا دەکرێت صەڵاواتی لەسەر بدەیت، چونکە خۆی باوەڕدارانی هان داوە بۆ صەڵاواتدان لەسەری وەك فەرموویەتی : " من صلى عليَّ صلاة واحدة صلى الله عليه بها عشرا " {رواه مسلم} واتە : هەرکەس یەك صەڵاواتم لەسەر بدات خوای گەورە دە صەڵاواتی لەسەر ئەدات .ئاشکرایە صەڵاواتی خوداش لەسەر بەندەکانی واتای لێخۆش بوون و خستنە بەهەشتیانە .

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە : " أكثروا عليَّ من الصلاة في يوم الجمعة فإن صلاة أمتي تعرض عليَّ في كل يوم جمعة، فمن كان أكثرهم عليّ صلاةً كان أقربهم مني منزلة " {رواه البيهقي وحسنه الألباني} واتە: ڕۆژانی هەینی زۆر صەڵاواتم لەسەر بدەن، چونکە صەڵاواتی ئومەتەکەم هەموو ڕۆژانێکی هەینی پیشانم دەردێت، هەرکەس زیاتر صەڵاواتم لەسەر بدات ئەوە جێگا ومەکانەتی زیاتر لەمنەوە نزیکترە لەڕۆژی دوایدا .

پاش ئەوەی سەلامت کرد لەپێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) ئەمجا سەلامیش بکە لە هاوەڵی کۆچ و خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان ئەبوبەکری صدیق (خوای لێ ڕازی بێت) وبڵێ : ( السلام عليك يا أبا بكر)

پاش ئەویش سەلام لە عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) بکە وبڵێ : ( السلام عليك يا عمر بن الخطاب) ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت) هەرکاتێك لەسەفەر بهاتایەتەوە دەچووە سەرگۆڕەکانیان و بەو شێوەیە سەلامی دەکرد کە ئاماژەمان پێدا {سەیری الموطأ لإمام مالك بەرگی 1/لاپەڕە66 بکە } .

هەندێکی تر لەزانایان ئەوە بەڕاستر ئەزانن سەلامکردن لە ئەبوبەکر و عومەری کوڕی خەتابیش ( خوایان لێ ڕازی بێت ) وەك سەلامکردنی تر وابێت لە کاتی ڕۆشتە گۆڕستان کە سوننەتە بڵێیت ( السلام عليكم أهل الديار من المؤمنين و المسلمين، وإنا إن شاء الله بكم لاحقون، أسأل الله لنا ولكم العافية ) .

یەکێکی تر لەو جێگایانەی کە سوننەتە لەشاری مەدینەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) سەردان و زیارەتی بکەیت گۆڕستانی بەقیع و شەهیدانی ئوحودە کە گۆڕی ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵان ویاران وسەلەفی صاڵحی ئەم ئومەتەی لێیە (خوا لێیان خۆش بێت)، بەقیع دەکەوێتە نزیك مزگەوتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە لای چەپیەوە کە ڕوو دەکەیتە قیبلە، و شەهیدانی ئوحودیش کە گۆڕی نزیکەی حەفتا لەشەهیدانی جەنگی ئوحود لەخۆ دەگرێت دەکەوێتە دامێنی چیای ئوحود .

جا کە ڕۆشتیتە ناویانەوە سوننەت وایە سەلامیان لێ بکەیت بەو شێوازەی کە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) پیادەی کردوە، لەم بارەیەشەوە عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ رازی بێت) ڕیوایەتی کردوە و دەڵێت : كان رسول الله صلى الله عليه وسلم كلما كان ليلتها من رسول الله صلى الله عليه وسلم - يخرج من آخر الليل إلى البقيع، فيقول:" السلام عليكم دار قوم مؤمنين، وأتاكم ماتوعدون، غداً مؤجلون، وإنا إن شاء الله بكم لاحقون، اللهم اغفر لأهل بقيع الغرقد " { رواه مسلم } واتە : پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) ئەو شەوەی لای عائیشە بمایەتەوە لەکۆتایی شەوەوە دەردەچوو بۆ گۆڕستانی بەقیع و ئەیفەرموو : " سەلامتان لێ بێت ئەی ماڵی باوەڕداران، ئەوەی بەڵێنتان پێدرابوو هات

بۆلاتان – مەبەست پێی مردنە - سبەینێش بۆ کەسانێکی ترە کە دواکەوتوون، و ئێمەش ئەگەر وویستی پەروەردگاری لەسەر بێت دەگەین پێتان، ئەی خوای گەورە لە خەڵکی بەقیعی غەرقەد خۆش بە .

جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە ووریابە هەرگیز لەسەر ئەو گۆڕستانە شتێك ئەنجام نەدەیت کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) پێیان ناخۆش بێت، بۆنموونە لە مردووەکان بپارێیتەوە، یان بچیت وەك هەندێك کەسی نەزان و نەفام دەیکەن خۆڵ و گڵی سەر گۆڕەکان بهێنیتەوە بەمەبەستی شیفای نەخۆشان، ئاگاداربە هەموو ئەوانەدەچنە خانەی شیرك و هاوەڵ پەیداکردنەوە وخۆتانی لێ بپارێزە و شتێك ئەنجام بدە کە پێشینی ئەم ئومەتە کردبێتیان، و گوێ بەقسە و قسەڵۆکی خەڵکی نەفام مەدە و حەج و عومرەکەت بەتاڵ مەکەرەوە .

جێگایەکی تر کە سوننەتە سەردانی بکەیت مزگەوتی ( قباء ) ە کە یەکەم مزگەوتێك بوو پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) لەڕێگای کۆچکردنیدا بۆ شاری مەدینە دروستی کرد، دوای ئەوەی کە دوانزە سیانزە ڕۆژێك لەناوی هۆزی بەنی عەوف مایەوە، پاشان لەگەڵ خەڵکێکی بێ شوومارادا بەڕێکەوت تا ووشترەکەی لەم جێگایەی ئێستای مزگەوتی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) یەخی دا {ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە}.

خوای گەورە لەبارەی مزگەوتی قوبائەوە لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ( لَمَسْجِـدٌ أُسِّسَ عَلَـى التَّقْـوَى مِـنْ أَوَّلِ يَـوْمٍ أَحَـقُّ أَنْ تَقُـومَ فِيـهِ فِيـهِ رِجَـالٌ يُحِبُّـونَ أَنْ يَتَطَهَّـرُوا وَاللَّهُ يُحِـبُّ الْمُطَّهِّرِينَ) {التوبة:108} .

بۆ زیارەتی ئەم مزگەوتەش سوننەتە لەماڵەوە یان لەجێگاکەی خۆت لە هۆتێلەکەتەوە دەستنوێژ بگریت و ئەمجا بچیت بۆ ئەوێ و دوو ڕکات نوێژ لەوێ بکەیت، پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : " من تطهر في بيته ثم أتى مسجد قباء فصلى فيه صلاة كان له كأجـر عمرة " {رواه أحمد والنسائي وابن ماجه} واتە : هەرکەس

لەماڵی خۆی دەست نوێژ هەڵبگرێت و پاشان بڕوات بۆ مزگەوتی (قباء) ونوێژێکی تێدا بکات، پاداشتی وەك پاداشتی عومرە کردنێك وایە .

بەم شێوەیەش ئادابی زیارەتەکانی شاری مەدینەی پێغەمبەری خودا (صلی اللە علیه وسلم) کۆتایی هات، جگە لەو شوێنانەی کە باسمانکرد هیچ شوێنێکی تر سوننەت نیە بچیت بۆ سەردانی، وەك چوون بۆ مزگەوتی ( قیبلتین) و مزگەوتی ( الجمعة ) ومزگەوتەکانی تری ناو شاری مەدینە .

هیوادارم بەم چەند ڕونکردنەوەیە توانیبێتم مشتێك لەخەرمانی زانیاریتانم زیاد کردبێت و لەپەروەردگاری میهرەبان داواکارم لەگوناهەکانمان خۆش بێت و بمانگێڕێت بە ئومەتی محمد المصطفی وبمانخاتە بەر شەفاعەتی ئەو لە ڕۆژیی دواییدا و لەو کەسانە بین لە لەدەستی موبارەکی پێغەمبەری خودا (صلی اللە علیه وسلم) ئاوی کەوسەریان دەدرێتێ إن شاء اللە .

وصلی اللە وسلم علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه وسلم .

والسلام علیکم ورحمة اللە وبرکاته